٥-موستەسنان : واتە بەدەرن‌و ئەوان نامرن‌و زیندوونابنەوە بەڵکو ئەوان پاش مردنی هەموو گیانلەبەران ئەمرن‌و پێش هەمووشیان زیندوو ئەبنەوە.
٦-خەواسی مەلەك : فریشتە پلەبەرزەکان. سیوای ئەنبیان: بێجگە لەپێغەمبەران.
٧-عەوامی بەشەر: مەبەست ئەولیاو پیاو چاکانن.
٨-عەوامی مەلەك : مەبەست ئەوانەن غەیری چوار سینف‌و چوار کەسەکە.
٩-بەرنەبی : لەپێغەمبەر. وفیمابین : واتە لەنێوان خەواسی فریشتەدا خوا کامەیان فەزلی زیاترە قسەی زۆر هەیە دەتوانێ سەیری کتێبە درێژەکانی ئەم عیلمە بکەیت.

صوریش حیکمت فوی دکا بیدار — بعثەن دا ئەرواح کنابی وا ئیتدار
دوجار فوی بیدا دکا خوا لە — بینت النفختین مدە چل سالە
نفخەی اول بزانن دبت لبس — ذی روح گشت دمرن با هیچ کس
لە نفخەی دوم ناکاو صدای لی — دوبارە هموو زیانن بیداستی
اما حملە حولە شخمسه کان — لە هردو نفخە اوان مستثنان
دمرن زیندگی دبنەوە سر جسم — باشتر لە اول بیشتر لە دوم
بعثیان وک خلق تر لە گشتانە — تردینچیان لە دوای هموانە
خواص ملک هیە فضیلیان — وسر لە بشر دوا بدوای انبیان
عوامی بشر صلحا و اولیا — فضلی هس وسر عوام ملکدا
عوام ملک فضلی هس وسر — گنەکارانی اندر لە فرقەی بشر
شفیعا بین الخواتیم کلام — زنبی اوان صلوة سلام

ئەسڵی سالیسمان تاقیق بزانە
تەسدیقە بەجەمع ئەو کتێبانە[1]
بەنەقشی حادیس عەجەب شەرەفناك
مەنقووش لەڕوی ساف سەفحەی تەختەی پاك[2]
یابەئەلفازی مورەتتەبەی خوەش
بەزوبانی پاك فریشتەی بێ غەش
(رحمه) خالیق گشت عالەمییان
ناردگنی ئەسەر بەعزێ ئەنبیان
سەدوچوارن بەقەولی مەشهوور
تۆلەو عەدەددا مەیانزان مەحسوور[3]
دەئەسەر ئادەم پەنجا ئەسەر شیس
سی نازڵ بووگە ئەسەری ئیدریس[4]
دەسەر ئیبراهیم سەدە تەواوە
ئەمانە هەرسەد سوحوفیان ناوە[5]
زەبوور بۆ داوود تەورات بۆ مووسا
ئینجیل هاتە سەر حەزرەتی عیسا
فورقان بۆ حەزرەت (سیّد الأنام)
[علیه الصّلاة علیه السّلام]
تەسدیقت بوێ کەهەموو حەقن
کەلامی قەدیم حەقی موتڵەقن[6]
سیفەتی قائیم بەزاتی بێڕەنگ
نییەن لەقەبیل جینسی حەرف‌و دەنگ

١–تاقیق: تەحقیق – بەڕاستی.
٢–خوەش: خۆش. واتە : ئەو کتێبانەی کەبەنەخشی [حادث]ی جوان لەسەر ڕووی ساف‌و بێگەردی ((لوح المحفوظ)) نەخش کراون. یابەلەفزی ڕیزکراوی خۆش لەسەر زوبانی فریشتەی ناسك سروشت بەسەر هەندێك ئەنبیادا خوێندراوەتەوە.
٣–واتە هەرچەندە وامەشهوورە کەژمارەیان سەدوچوارە بەڵام تۆ وامەزانە کەئەوەندەن ، چونکە خوا ئەفەرموێ : ((وان من امة الا خلا فیها نذیر)).
٤–دەسەر ئادەم : لەوانە دەیان هاتوون بۆ ئادەم. پەنجا بۆسەر ((شیث)).
بووگە : بووە. ئەسەر: بۆسەر.
٥–ئەم سەدە لەقورئاندا بە ((صحف)) ناوبراون.
٦–واتە بڕوات هەبێت کەئەمانە هەموویان موافیقی واقیعن‌و کەلامی قەدیمی زاتی خوان سیفەتێکی بێڕەنگی بەزاتی بێڕەنگەوەن وە ئیعتباری مەبدەئەکەی لەبابەتی حەرف‌و دەنگ نین ، واتە هەر خوا خۆی ئەزانێت چۆن چۆنی هاتوون ، ئێمە هەرئەوەمان لەسەرە کەبڕوایان پێبکەین.

اصلِ ثالثه تاقی بزانه
تصدیقه بجمعِ ادکتیب نه

نقشِ حادث عجب نشر فناکه — منقوشش له رووی صاف صفحه‌ی تخته‌ی پاکه

یا بالفاظِ مرتبه خوش نش — زبانِ پاکِ فرشته بیغش

رحمتِ خالق کشت عالمیان — ناردگنی اسر بعضی انبیان

علی بناء علیها

صدوچوار ان بقولِ مشهور — تولو عدد دا میزان محصور

ده اسر آدم پنجا اسر شیث — سی نازل بو کر اسر ادریس

ده اسر ابراهیم صده تو اوه — اما نه هر صد صحیفان ناوه

زبور بو داود تورات بو موسی — انجیل ماته سر حضرتِ عیسی

فرقان بو حضرتِ سید الانام — علیه الصلوة علیه السلام

تصدیقت بوی که همو حقن — کلامِ قدیم حقِ مطلقن

صفتِ قائم بذات بی رنگن — نین نه قبیل جنسِ حرف و دنگن

نه لم و حرف جعو

نەلەزیهن و حیفز نەلەزواندا نەلە لەفزو گوێ نەلەبەیاندا[1]
لەهیچ کامیدا نییە حلوولیان بالەوانیچ بێ ئەوەفامینیان
غەیرە مەخلووقن بەبێ ڕەیب و شەك نەبەستەی نەبییان نەبەستەی مەلەك[2]
هەرچییان تێدا هەیە یەكسەری هەمووڕاس ، لەكیزب لەخولفن بەری[3]
بێ مانیع هەرگیز نوسووس لانەدەی لەزاهیر ؛ دەشێ ئیحتییات بكەی[4]
ئەو موددەعی مەحز مەعنای باتینە ئیلحادو كوفری تێدا كامینە[5]
ئەو كەسیچ ئەوا هیچ تێ نافكرێ لەهەموو هەرمەحز زاهیری دەگرێ[6]
تەشبیهو تەجسیم هەڵدەگیرسێنێ لەزۆر قوڕاوی تردا دەمێنێ[7]
قائیل بەزاهیر دەگەڵ ئیشارە ئەوە سەفوەتی دڵی دیارە[8]
هووەیداس كەمال وەسفی عیرفانی جیلوەی حەقیقەت ئەسڵی ئیمانی[9]
هەرچی لەئەحكام شەرعییەدا لە ڕەددی لێ مەدە كوفرو زەلالە

١-ئەم كتێبانە نەلە ذیهنی كەسداو نەلە حیفزی كەسداو نەلەزوبانیاو نەلەگوێ یاو نەلە بەیانو تەعبیریا حلوولیان نییە ، چونكە ئەوانە ئەوەندە بەرزن كەلەڕوور ئیدراكی بەشەرەوەن. بەڵام ئێمە تەنها قابیلیەتی ئەوەمان هەیە لێیان تێ بگەینو واتاكانیان بزانین.
٢-غەیرە مەخلووقن: واتە قەدیمن. نەبوونیان پێش كەوتووە. نەپەیوەندییان بەپێغەمبەرانەوە هەیەو نەبە فریشتەوە ، كەواتە ئەوانە هەڵبەستراونین.
٣-هەمووراس: ڕاست. كیزب: درۆ.
٤-بێ مانیع: واتە بەبێ ئەوەی مانیعێكی ئاشكرا هەبێت هەرگیز نابێت لەمانای دەقەكانی فەرموودەی خوا لابدەیت و مانای تریان بۆ لێك بدەیتەوە.
٥-ئەو موددەعی: واتە ئەگەر كەسێك بڵێ : فەرموودەكانی خوا مانای نهێنییان هەیە و كەس نایانزانێ ، ئەوە لەئایین لادانو كوفرە. كامینە: تیا شاردراوەتەوە.
٦-هەركەسێكیش كەهیچ تێ نافكرێو لەدەقەكان تەنها مانای زاهیرییان وەردەگرێ ئەوكەسە دەیەوێ ئاگری فیتنە هەڵبگیرسێنێ.
٧-دەیەوێت خوا بباتە سەر وێنەی مەخلووقات ئەو كەسە خۆی لەناو قوڕولیتەی تێكداندا دەبینێتەوە.
٨-واتە ئەوانەی مانای زاهیری وەردەگرنو ئاماژەش بەهەندێك مانای ناسك دەكەن دیارە ئەوانە دڵساف و نوورانین.
٩-هووەیداس: ئاشكرایە.

نە لە وەهم و حفظ نە لە زبانەدا   نە لە لفظ کوی نە لە لەبانەدا

لە هیچ کاسیدا نیە حلولیان   پا لە وانیچ وی ئەو فامیانان

غەیری مخلوقن بە بێ رێب و شک   نە لبستەن بیان نە لبستە لک

هەر حیاتن تیدا هیچ یەکسەری   هەم واتش لە کذب لخلف بەری

بێ مانع هەرگز نصوص لانەدی   لە ظاهر دشی اجتناب کەی

ئەو مدعی حق معنای باطنە   الحاد و کفری تیدا کامنە

ئەو کەسیچ ئەوا هیچ تی نافکری   ئاها ئەو هەم حق ظاهری دکری

تشبیه و تجسیم ئەلەد کرسینی   لە زور قوادی تردا دەمینی

قائل لظاهر دکل لیشارە   ئەو صفات دلی دیارە

هەم تیدا ئەش کمال و صفت غیر فانی   جلوە حقیقت اصل ایمانی

هەر جیی لە احکام شرعی دا لە   ردی لی هەم کفر ضلالە

موتەشابیهیان سرڕی ئیلاهین
لەمەعنایاندا مەخلووقات لاهین[1]
بەعزێ ئاگاهی حەق دەدا پێیان
بەعزێ لەو سیرڕە کەشف ئەکا لێیان[2]
ئیمان بێرانە تۆبە گشتییان
بی دەنگ لەمەعنا و لەکەیفی‌یەتیان
لەبەعزێ ئایات ئەو کتێباندا
لەلەفز ، یالەحوکم ، یالە هەردواندا
بۆخاتری چەند فائیدەو حیکمەت
نەسخ جائیزەو واقیعە ئەلْبەت[3]
بەیەقین لەجەمع باقی کتێبان
وەجهی ئیمتیاز بۆ قورئان بزان
ناسیخە بۆگشت تێیدایە یەقین
عیلمی ئەووەلین عیلمی ئاخرین
گشت شەوی قەدری مانگی ڕەمەزان
لەلەوح هاتۆتە ئەووەل ئاسمان
لەودوا بەویفق مەسڵەحەتی حاڵ
نازیلْ بوو وەخت بەبیست‌و سێ ساڵ[4]
ساحیبی ئایات موفەسسەلاتە
بوزورگترینی گشت موعجیزاتە
ئەم تەرتیبەوا ئیسە مەلحووزە
بەویفقی تەرتیب ((لوح المحفوظ)) ە

١-هەندێك ئایەت پێیان ئەوترێ ((متشابە)) وەك سەرەتای سوورەتەكان ، ئەوانە سیرڕی ئیلاهین‌و خەڵكی ناتوانن ڕوونیان بكەنەوە. لاهی: سەرگەردان.

٢-هەندێ كەس خوا توانایان پێ ئەداو ئەو نهێنییە لای ئەوان ئاشكرا دەبێت.

٣-جاری واهەیە ئایەتێك ئایەتێكی تر نەسخ دەكاتەوە ، ئەوەش لەبەر چەند حیكمەتێك.

٤-قورئانی پیرۆز دوونازڵبوونی هەیە :

أ/لەلەوحەوە بۆ ئاسمانی یەكەم لەشوێنێكدا كەمەشهووره بە ((بیت العزه)) دانراوە ، ئەمە لەشەوی قەدری ڕەمەزاندا بووە.

ب/لەئاسمانی یەكەمەوە بۆ سەرزەوی بەهۆی ((جیبریل)) ەوە لەماوەی بیست‌و سێ ساڵدا.

متشابهیان سرّ الٰهین ... لە معنایان دا مخلوقات لاهین
بعضی آگاهی حق دا پیّیان ... بعضی لە پیتر کشف اکا لیّیان
ایمان پیّیانە تو بگشتیان ... بحیّیک لە معنی لە کیفیتیان
لە بعضی آیات او کتیبانا دا ... لە لفظ یا لە حکم یا لە هردوا ندا
بوخاطر چند فایدە حکمت ... نسخ جایزە و واقعە البت
بە یقین لە جمع باقی کتیبان ... وجە امتیاز بو قرآن بزان
ناسخە بو گشت پیّشتری بە یقین ... علم اولین علم آخرین
گشت شوی قدر مانگی رمضان ... لە لوح ما توتە اول آسمان
لە دوا بوی بە مصلحت حال ... نازل بو وخت بە وخت بیست سال
حسب آیات مفصلاتە ... بزیکتری گشت معجزاتە
ام ترتیبەو الیستە ملحوظە ... بەوقی ترتیب لوح المحفوظە

بێنوا

بشنەو ئەگەر هەی بەدەلیل مائیل   نەقلی حەزرەتی عوسمان و سائیل[1]
بەو تەورە بووگە لەعەهدی حەزرەت   هەر هەیەو دەویٚ تابە قیامەت[2]
بەبیٚ تەحریف و زیادەو نوقسان   بیٚ سەهوو غەڵەت تەغییرو نیسیان
تەمام ئینس وجن مەلەك بەو دوستوور   ئیجماع کەن میسلی نایەرنە زوهوور[3]
هەموو فوسەحاو بولەغای عەرەب   ساحیب فەساحەو بەلاغەی عەجەب
وەك ئایەتیٚکیان نەدا ئەو بیروون   لەموعارەزە هەموو عاجز بوون[4]
لابە عەقیدەی کافِری بیٚ پیر   [وَقُلْ اِنَّه بَشيرٌ نَذيرْ]
[قَوْلٌ مِنَ الحَقّ فرقانٌ وَفَضْلْ   لاقَوْلُ كاهِنْ لاشِعرْ لاهَزَلْ]
[لاتَقَوُّلٌ ولا اساطير   بَلْ لِلْعالَمينْ هُدىً وَنَذيرْ]
ئەگەر توٚبلیٚی تەنزیل و ئینزال   موعارەزەو نەسخ مازی و ئیستیقبال
لەبەرکردنیان ، تیلاوەتیان   شنەفتنیان کیتابەتیان[5]

١-ئاماژەیە بەو ڕووداوە کەلەسەردەمی ((عثمان)) - خ - دا یەکیٚك لیٚی پرسی : بوٚچی سوورەتی (اخلاص) خراوەتە دوای سوورەتی (لهب) ، ئەویش دەستی هیٚنا بەچاویا بینی لە (لوح المحفوظ) یشدا هەروەهایە ، بووگە : بووە.

٢-ئاماژە بەئایەتی : ((انا نحن نزلنا الذكر وانا له لحافظون)) دەکات.

٣-نایەرنە : ناهیٚننە. واتە کەس ناتوانیٚ نموونەی قورئان دابنیٚت.

٤-نەدا ئەو بیروون : دەرنەخست.

٥-شنەفتنیان : بیستنیان. دەیەویٚت وەڵامی ڕەخنەی ئەو کەسانە بداتەوە کەدەڵیٚن : سیفەتی "انزال" و تەنزیل و موعارەزەکردن و "نسخ و ناسخ و منسوخ" و باسی ڕابردوو و ئیٚستاو لەمەودواو لەبەرکردن و خویٚندنەوەو نووسین و بیستن ئەمانە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەئەم کەلامی خوایە حادیسە ئیتر توٚ چوٚن ئەڵیٚی قەدیمە؟

ئێشنوا کە هەی بە لیبل مائل — نقلی حضرتی عثمان بـ ـاب

بو ئەوڕە بو کە لە عهدی حضرت — هەر هەیە دوی تا بقیامت

بە بێ تحریف بێ زیادە نقصان — بێ سهو و غلط تغییر نسیان

تمام انس و جن ملک بو دستور — اجتماع کن بە مثلی نایەنە ظهور

ئەو فصحا و بلغای عرب — صاحب فصاحە بلاغە عجب

وەک آیەتێکیان نەدا ئەو بیرون — لە معارضە هەمو عاجز بون

لا بە عقیدە کافری بێ پیر — وقل انە بشر نذیر

قول حق قرآن و فضل — لا قول کاهن لا شعر لا هزل

لا تقول و لا اساطیر — بل للعالمین هدی و نذیر

اگر تو بێ شرح انزال — معارضە نسخ ماضی استقبال

لە بە گردنیان تلاوتیان — شفقتیان کتابیان

گشت لەسەر حودوس وەجهی قەویمەن | تۆچلۆن دەڵێی کەلام قەدیمەن ؟[1]
دەڵێن ئەگەرچی هیچ سیفاتی حەق | بەسیفەت مەخلووق ناشوبهێ موتلەق[2]
بەڵێ لەلای خەڵق تەحقیق مانە | نموونەیان هەس ئەو نموونانە
بۆ سیفاتی حەق ڕێ دەدەن پێمان | بە [وجهٌ مّا] یی مەعلووم بن لێمان[3]
تۆهەرگا بکەی قەسدی کەلامێ | خەبەرێ ، ئەمرێ یا ئیستیفهامێ
مەعنایەك هەیەویجدانی لەلات | غەیری عیلمتەو سائیری سیفات
بەئەلفازی خۆت تەعبیری دەدەی | لەگوێی سامیعداو زیهنی جێی دەکەی
بەو مەعنا دەڵێن کەلامی نەفسی | نەعەرەبییەو نەکوردیو فارسی
بەسیتەو واحد نەکەم نەکەسیر | قائیمە بەزات تۆوە بێ تەعبیر[4]
ئەمیچیان کەلام تۆیەو لەفزییە | موتەعەددیدەو موتەجەززییە[5]
موختەلیف دەوێ بەڵێ بێگومان | دەلالەت دەکا لەو مەعنا وتمان

١-وەجهی : بەڵگەی تەواو.

٢-کورتەی وەڵامەکە : ئەگەرچی سیفەتەکانی خوا ناشوبهێنینە سیفاتی خەڵق ، بەڵام لای ئێمەش نموونەی ئەو سیفاتانە هەیە بۆ نموونە : تۆ هەرکاتێ ویستت کەلامێ دابنێیت هەر جۆرێك بێت بە وشەو ڕستەکانت ڕای دەگەیەنێت ئەو مەعنایە کەلامی نەفسییە ، واتە کەلامی لەفزی ئەسەرێکە لەکەلامە نەفسییەکەوە پەیدا دەبێت ، ئەم جۆرە دەلالەتە پێی ئەوترێ دەلالەتی عەقلی.

٣-بەو جەما : واتە بەشێوەیەك لەشێوەکان.

٤-بەسیتە : بسیط - واتە کەمو زۆری نییە. کەسیر : کثیر.

٥-موتەعەددید : متعدد - متجزيء.

خلاصە

کُنتە لە سەر حدوث وجیە قدیمن — تو حلوون دلی کلام قدیمن

جواب

دلیلن اگرچە هیچ صفات حق — بعینت مخلوق نا شبیهی مطلق

بلی لەلای خلق تحقیقما نە — نموونەیان هەس او نموو نا نە

بو صفات حق ری دەدن بیان — بوجە تایە معلوم بن لیمان

تو هەرکا بلی قصە ی کلامی — خبری امری یا استفهامی

معنایک هەیە وجدانی لە لات — غیر علمە سائر صفات

بالفاظ حوت تعبیری دەدی — لە کوی ناشە لە ذهنی حی دەکی

بو معنی دلین کلام نفسی — نە عربیە نە کردی نە فارسی

بسیطە واحدە نە کم نە کثیر — قائمە بە ذات تو و بی تغییر

اسبحیات کلام تویە لفظیە — متعددە متجزیە

مختلف ودوی بلی بە کان — دلالت و کالو معنی و متان

بازنە

بێ تەشبیە کەلام نەفسی حەق واتە
غەیری عیلیمیە و باقی سیفاتە[1]
غەیرە مەخلووق و بەسیت و قائیم
بەزاتی حەقق و قەدیم و دائیم
مونافی لاڵی و سکووت و ئافەت
پاك لەحەرف و سەوت بەری لەکەسرەت
نەعەرەبییەو نەسوریانییە
نەیۆنانییەو نەعیبرانییە
لەلەوازیمات حادیس بەرییە
لەهیچ شەیئێدا حلوولی نییە[2]
بەو سیفەتە حەق بێ حودودو حەد
موتەکەللیمە ئەزەل تائەبەد
بەری لەوەسمەت سکووتی سابیق
عاری لەتوهمەت خامۆشی لاحیق[3]
خۆی سیفەتێکە لەکەسرەت دوورە
بەڵێ نیسبەتی غەیرە مەحسوورە[4]
حوسنی ئارەزووی نومایش دێنێ
هەردەم بەتەرزێ خۆی دەنوێنێ
زەبووری ناوە لەسوریانیدا
تەوراتی ناوە لەعیبرانیدا
نیسبەت بەنەزمی عەرەبی مەعرووف
بەموعجیزی گشت موعاریز مەوسووف

١–بێ تەشبیە : بلا تشبیە کەلامی نەفی خواش واتە.

٢–لەلەوازیمات : واتە هیچ پەیوەندییەکی بە (حادث) ەوە نییە.

٣–وەسمەت : عەیب و عاری بێدەنگی پێش و بێدەنگی دوای کەلامەکە.

٤–کەسرەت : کثرة : زۆری تەعەددود. غەیرە : واتە نیسبەت و تەعەللوقاتی زۆرە.

بێ تشبیە کلام نفسیِ حق وتە   غیر علمیە باقی صفاتە

غیرِ مخلوق بسیط قایم   بذاتِ حق قدیم دایم

منافی لالی سکوت آفت   پاک لە حرف صوت بری کثرت

نە عربیە نە سریانیە   نە یونانیە نە عبرانیە

لە لوازمات حادث بریە   لە هیچ شتێدا حلولی نیە

بو صفتە حق بێ حدود حدە   متکلمە ازل تا ابد

بری لە صمت سکوتِ سابق   عری لە تهمت خاموشی لاحق

خوی صفتیکە لە کثرت دورە   بلی نسبتی غیرە محصورە

حسنی آرزوی نمایش دەبێ   هەردەم تطرزی خەمی دو نەبێ

زبوری ناوە لە سریانیدا   توریتی ناوە لە عبرانیدا

یثبت بنظم عربی معروف   بعجز گشت معارض بو موقوف

وا بەتەواتور کەیشتگە لامان — دەلیلی شەرعەو تەمام ئەحکامان
مەسسی حەرامە لەبۆ موحدیسان — هاتووە بۆ حەزرەت پێی دەڵێن قورئان[1]
نیسبەت بەمەحکی بەخەبەر مەعلووم — بەغەیری مەحکی بەئینشا مەوسووم[2]
ئەمری پێ دەڵێن نیسبەت بەمەئموور — نیسبەت بەمەنهی بەنەهی مەزکوور
[والباقي كذا بهذا القياس] — هەربە لیباسێ بەئیسمێ بیناس
بەئیعتباری ئەم زوهووراتە — کەلامی لەفزیو سوحفو تەوراتە[3]
زەبوورە و ئینجیل قورئانی مونزەل — موتەشابیه موحکەم مازیو موستەقبەل
مەککیو مەدەنیو وەعدو وەعیدە — قیسەو ئەحکام ئەمسال عەقیدە
ئەخبار ئەمرو نەهی تەحریمو تەحلیل — ناسخو مەنسووخ تەسبیحو تەهلیل
هەرچی کوتوبو سوحفی مونزەلەن — گشت لەو سیفەتە تەنیا یەك پەلەن
بەم هەموو لیباس زۆر عەجیببەوە — بەم نیسبەتەوەو بەم تەرکیبەوە

١-مەسسی: واتە دەست لێدانی: ((لايمَسه الا المطهرون)).

٢-مەحکی : شتی ڕابردوو دەگێڕێتەوە ئەمە پێی دەڵێن خەبەر.

٣-واتە کەلام لەم حاڵی خۆنواندنەدا ناوی کەلامی لەفزییە ئیتر لەم ڕووەوە: تەورات. زەبوور .. قورئانو جۆرەکانی ئەحکامو ڕابردوو ڕانەبردوو .. دەردەکەون... ئەمانە هەموویان پەلێکن لەکەلامی نەفسی ئەزەلی لەو بابەتەوە کەهەموویان لەو سیفەتە نەفسییەوە پەیدابوون.

گوا بتواتر کێشکە لامانە ‌ ‌ ‌ ‌ دلیل شرعە تمام احکامان

مستیر ایمە لبو مجید شان ‌ ‌ ‌ ‌ ماتوە بو حضرت پێ دلین قرآن

نسبت بحکی بجبر معلوم ‌ ‌ ‌ ‌ بغیر محکی بان مشوشوم

اثری پێ دلین نسبت بمأمور ‌ ‌ ‌ ‌ نسبت منهی بر نهی مذکور

وکتاب فی کذا بهذا القیاس ‌ ‌ ‌ ‌ بر باب باسم بناس

بە اعتبار زەم خود رالتە ‌ ‌ ‌ ‌ کلام لفظی صحف توراتە

زبور انجیل قرآن منزل ‌ ‌ ‌ ‌ متشابه محکم ماضی مستقبل

مکی مدنی وعد وعیده ‌ ‌ ‌ ‌ قصه احکام امثال عقیده

اخبار امر نهی تحریم تحلیل ‌ ‌ ‌ ‌ ناسخ منسوخ تسبیح تهلیل

هرچی کتب صحف منزلن ‌ ‌ ‌ ‌ گشت لو صفتە تنیا یک ملن

بم همولیانە زور عجیب بوە ‌ ‌ ‌ ‌ بم نسبتە و بم ترکیبە

نەگرێت دار

نەکەسرەت دەدا گەرد لەوەحدەتی — نەتەرکیب تۆزێ لەبەساتەتێ[1]
لەفزی وەك نەفسی بۆحەق سیفەتە — چون لەسەر نەفسی [ذو دلالە]تە[2]
تەفاوتی بەین هەیە ئاشکار — نەفسی (بالذات) ە ئەو بەئیعتیبار
هەروەها سیفەت بۆ خودان هەردوو — بە (کلام الله) موسەممان هەردوو
لەئیزافەدا فەرقییان هەیە — ئیزافەی لەفزی مەعنای ئەمەیە[3]
کەمەحزی تەئلیف [ربّ البشر]ە — لەتەسەرڕوفی مەخلووق ئەو دەرە
ئیزافەی کەلام نەفسی مەعرووفە — ئیزافەی سیفەت ئەپاڵ مەوسووفە
کەنەفسی و لەفزی لێت بوو موحەققەق — بزان ئیتیفاق هەس بۆئەهلی حەق
لەمەدا ئەووەڵ قەدیمەو ئەقدەس — جەوازی حودوس تەعەللوقی هەس[4]
بەڵێ خیلافیان هەس لەدووەمدا — بەعزێ نەس دەنێن وەسەر قیدەمدا[5]
بەعزێ تەك ئەولای بەداهەت دەدەن — حوکم بەخەلقی و حودوسی دەکەن

١–واتە: ئەم زۆری و تێکەڵییە بەسەر کەلامی لەفزیدا دێن نەك بەسەر کەلامی نەفسیدا.

٢–ذو دلالە: واتە کەلامی لەفزی دەلالەت لەسەر کەلامە نەفسییەکە ئەکات.

٣–واتە ئەم دوو ئیزافەیە جیاوازییان هەیە ، ئەویش لەوەدا کەئەڵێی (کلام الله) مەبەستت لەفزی بێ واتە کەلامێکە لەکەلامە نەفسییەکەوە سیفەتێکی ڕاوەستاو بەزاتی خواوە.

٤–واتە هەموو عولەمای ئەهلی سوننەت لەسەر ئەوە یەك ڕان کەکەلامی نەفسی قەدیمەو دروستە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ: (واجب ممتنع ممکن).

٥–واتە ئەگەر خیلافێك هەبێ لەنێوان زاناکاندا لەسەر کەلامی لەفزییە ، (حەنبەلی) دەڵێن ئەویش قەدیمە. ئەوانی تر لایان وایە کەحودوسی ئەمەیان ئاشکرایە.

نەکثرت دەدا گرد لە وحدت بێ / نە ترکیب توزی لە ئەو بساطتێ

لفظی وکو نفسی بو حق حقیقتە / چونکە ئەسەر نفسی دوو دلالتە

تفاوت بینیان هەیە ئاشکار / نفسی بالذات ئەو بە اعتبار

هەر وەها صفت بو خوداش هەر دوو / بە کلام تعمیمیان هەر دوو

لە اضافەدا فرقیان هەیە / اضافە لفظی تشریفیە

کە محض تألیف رب البشر / لە تصرف مخلوق ئەو دوورە

اضافە کلام نفسی معروفە / اضافە صفتە بال موصوفە

کە نفسی لفظی لیسە بو محقق / بزان اتفاق هەس بو ئەهلی حق

لەمدا ئەوەل قدیمە ئەر حدس / جوازی حدوث تعلقی هەس

بەلێ خلافیان هەس لە دوو مدار / تعبیر نصّ دەنێت وە سەر قیدەمدار

نعیمی تەک ئەو لا بەدابەش دەدەن / حکم تخلقی حدوثی دەکەن

بەعزێکیچیان ، حەق بیانبەخشێ — ئەڵێن لەتەقدیر حدووسیچ دەشێ[١]

غایەتی ئەدەب ڕیعایەت بکەی — ناوی بەمەخلووق بەحادیس نەبەی[٢]

نەك لەداللەوە زیهنت لوول بدا — نیسبەتی حودووث بەمەدلوول بدا[٣]

ئەم هەم بەقەدیم بگرە بەمەحکەم — [وهذا هو الأسلم الأقوم][٤]

بینا لەتەفسیل تەقریری سابیق — ناشنەوییە کەلام ئەزەلی خالیق[٥]

ئیمجار سازەریف بتوێ ئاگاهی — مانای ((سَمِعْتُ كلامَ الله)) ی[٦]

یانی بهیستم نەزمی موئەللەف — دال لەکەلامی ئەزەلی ئەشرەف[٧]

یافامیم کەلام ئەزەلی خوا — لەحەرف و ئەسوات مەسمووعەو سەدا

لەهەردوو سوورەت وادیاریدا — بۆگشت ئەنبییاو مەخلووقی دنیا

مومکینە کەلام حەق بشنەوییە — تەخسیسی مووسا بەتەکلیم چییە ؟[٨]

دەڵێم سەماعێ بۆئەو داگیە ڕوو — ئەوە بەتەریق خەرقی عادەت بوو[٩]

١-ڕای سێیەم ئەوەیە کەحاڵەتەکەیان ((تقرير الحدوث)) ە نەك حادیسی ڕاستەقینە.

٢-واتە وەك ئەدەبێك ، باش وایە ناویان بە حادیس نەبات.

٣-هۆی ئەمەش ئەوەیە نەوەك زیهنی ئینسان گێژببێ و کەلامە نەفسییەکەش وا تێبگات.

٤-کەواتە بائەم باوەڕە ڕابگرین و کەلامە لەفزییەکەش بەقەدیم دابنێین.

٥-لەدەست نووسەکەدا نووسراوە : بینا لەتەقریر تەفسیلی سابیق. ناشنەوییە : نابیسترێ. واتە کەلامی نەفسی نابیسترێت.

٦-بتوێ : بتبێ. ئاگاهی: ئاگاداری.

٧-بهیستم : بیستم.

٨-واتە مادام هەموکەس بتوانێت کەلامە لەفزییەکە ببیستێت ئیتر جیاوازی مووساو غەیری مووسا چییە؟

٩-وەڵامی پرسیاری پێشوو ئەوەیە : ئەوەی حەزرەتی مووسا خەرقی عادەت بووە بەهۆی پیت و وشەوە نەبووە.

تفصیلیات حق بیان نبخشی — دلین له تقدیر حد و تسبیح دشی
غایت ادب رعایت بکه — نادی بمخلوق شجا دیث بنی
تنکه داله وه وهنت لول بدل — نسبت حدوث بمدلول بدل
ام هم بقدیم بگره محکم — وهذا هو الاسلام الاقوم
بنا له تفصیل تقریر بق — ناشنوینه کلام ازلی خالق
اجازت طرف سیدی آگاهی — معنای سمعت کلام الله
یانی بیشتم نظم مؤلف — دالّ له کلام ازلی اشرف
یا فامیم کلام ازلی خدا — له حرف و صوات مسموعه و صدا
له هردو صورت واویاری دل — بو کشت مخلوق دنیا
ممکنه کلام حق بشنوی — تخصیص بوسی بتکلیم چیه
ولیم عی بو اوداکیه ر و — او لطرق خرق عادت بو

بیلا سەوت و حەرف بیلا کەیفییەت | هەروەکو ڕوئیەت ڕۆژی قیامەت[1]
یابیستی بەحەرف ، سەوت و سەداوە | ئەمما بەگشت [عضو] لەهەموولاوە[2]
یالەیەك لاوە نەك ئەوسەداوێ | کەتێیدا دەخڵ بۆماسیواوێ[3]
وەك تەوسسوتی مەلەکی کیتاب | هەرسێیان بەوە جەتەخسیس حیساب[4]
واتە [تلقي] جبریلی ئەمین | بۆ وەحیی حەزرەت [ربّ العالمین]
وەهابوو سەماع ساحیب تەخت و تاج | بۆکەلامی حەق شەوەکەی میعراج[5]
"فالحمد لله على نِعمته | خص من يشاء بمرحمته
ثمّ الصلاة مع سلام تامّ | على النبيّ والآل الكرام"
ئەسڵی چوارەم بەبێ قوولەقوول | ئیذعانە بەجەمع نەبی‌یو ڕەسوول[6]
لەشەریعەتدا بەقەولی موختار | ڕسوول شەخسێکە ڕاس فیعل و گوفتار
ئەکمەل و ئەفزەل [عقلاً وخُلْقاً | قُوّة راي فِطْنَةً خَلْقاً]

١–وەك چۆن لەباسی ڕوئیەتدا باسمان کرد کەموسوڵمانان لەو ڕۆژەدا چۆن خوای خۆیان ئەبینن.

٢–وەڵامێکی ترە.

٣–وەڵامی سێیەمە.

٤–هەرسێ وەڵامەکە دەری ئەخەن کەئەوەی مووسا چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ خەڵکانی تردا.

٥–جبریلی فریشتەش بەیەکێك لەوسێ شێوەیە کەلامی لەخوای گەورە وەرگرتووە ، هەروەها پێغەمبەر لەشەوی میعراجدا. کەواتە دەرکەوت کەبۆچی بەمووسا دەوترێت ((کەلیم)) و بەکەسی تر نەوتراوە.

٦–قووله قوول : شەڕە قسە. ئیذعانە: بڕواکردنە.

بلا صوت حرف بلا کیفیت　　بڕ و کور ئوینن روژ قیامت

نابیستی بحرف صوت صداوه　　اما بگشت عضو له بمو لاوه

یا له یک لا و تک او صدا وی　　که تیدا دخلی بو ماسوی دی

دکت تو تَطِ ملک کتاب　　هر سیان بو جبه تخصیص حساب

واته تلقی جبرئیل امین　　بو وحی حضرت رب العالمین

دکا بو سماع صاحب تخت تاج　　بو کلام حق شو که معراج

فالحمد لله علی نعمته　　خص من یشا بمز رحمته

ثم الصلوة مع سلام تام　　علی النبی والآل الکرام

اصلی چوار دبی قوله قول
اذعان بجمع بنی رسول

له شریعت دا القول مختار　　رسول شخصکه راس نبی کفتار

اکمل افضل عقلا و خلقة　　فوق ذوی فطنة خلقا

بەشەجاعەت و بەحیکمەت وجوود عیففەت و تەقوار خەشیەت لە مەعبوود[1]
بەعیلم و بەحیلم لەگشت هاوعەسران سیوای سنفی خۆی یانی ئەنبیان
[بنَسَبِهِ قَطُّ لَمْ تَقُمْ دَناعَةُ الأَبِ خَناءةُ الأُمِّ]
پاك وێ هەر لەوەخت ئیبتدای بەعسەت تابە ئیستیقرار ئەمری نوبووەت
لەگولی و لالی و کوێری و هەرئافەت کەوا تەبعی خەڵك لێی بکا نەفرەت
بەری وێ لەعەیب کەمی مورووەت لەدوونی سەنعەت وەکو حەجامەت
مەعسووم بێ لەگشت گوناهان سەرجە لەدوای نوبووەت لەوێو بەریج هەم[2]
"اوحی الیه شرعاً المولی لَهُ کِتابٌ انزِلَ امْ لا"
"وقد صَدَرَ الأمْرُ عَلَیهِ بِتَبْلیغِهِ المُوحی اِلَیْهِ"
ئەر بەگەیاندن پێی مەئموور نییە وەها بزانە ئەوە نەبییە
بەقەولێ هەردوو هەربەیەك مەعنان ئەمربەتەبلیغ شەرتە بۆ هەردووان[3]

١–بەشەجاعەت : ئەمانە ئەو سیفاتانەن کەپێویستە لەپێغەمبەراندا دەبێت هەبن.

٢–لەوێوبەریج : لەوەو پێش. پوختەی قسە لەم بارەیەوە ئەوەیە : ڕەسوول و نەبی هەردوو خاوەن شەریعەتن ، بەڵام ڕەسوول ئەوەیە کەئەمری پێ کرابێ تەبلیغ بکات ، بەڵام (نەبی) ئەو ئەمرەی پێ نەکراوە ، واتە هەموو ڕەسوولێك نەبییە ، بەڵام هەموو نەبییەك ڕەسوول نییە.

٣–واتە ڕایەك دەڵێت هەردوو ئەبێ تەبلیغ بکەن ، کەواتە جیاوازییان نییە.

شجاعت حکمت و جود   عفت تقوی خشیت لە معبود

تعلیم تعلم لە کشت یاو عصران   سوای صنف خۆی بێ یانێ ابنیان

تنبیه قید لم تقسم   دنائتِ آلاو خنا بتر الام

تا عودی هر لە وقت ابتدای بعثت   تا بە استقرار امر نبوت

لە کلی لالی کوری هر آفت   کو اطبع خلق لێی بکا نفرت

ئەبێ وی لە عیب کمی مروت   لە دونی صنعت وکو حجامت

معصوم بێ لە کشت گناهان سرجم   لە دوای نبوت لەلوی بیچ هم

أوحی الیه شرعاً المولی   لە کتاب انزل او لا

وقد صدق دالآمر علیه   بتبلیغه الموحی الیه

ار بکیاندن پێی مأمور بێنە   واکا بزانە اوە نبیە

بقولی مەر هر یک نعمان   امر بە تبلیغ شرطە بو هردوان

عەدەدیان وەها "ذو الأشتهارة"   کەسەدو بیست و چوار هەزارە[1]
بەڕوایەتی تر وەها دیارە   کەزیاترن لەئەم شومارە[2]
[فَالأولى قَولُكَ لِكُلِّ احَدْ   لاتَنصِّ على شيءٍ مِنْ عَدَدْ]
موڕسەل سێ سەدو سێزدە مەشهوورە   ئەویچ عەدەدیان هەربەو دوستوورە[3]
عەدەدی جەمعی " أولو العزميان "   ئەر "ابو البشر" نەوێ لەگەڵیان[4]
مەشهوور پێنج کەسن نووح و ئیبراهیم   حەزرەتی مووسا مەوسووف بەکەلیم
"عیسی ابنُ مَرْيَمْ" پەیدا "بِلا أبْ"   ((كلمةُ الله)) ، [رُوحُ الله] لەقەب
پێنجەم [محمد سيد العالم   صلّى عليهِ رَبّي وَسَلَّمْ]
وعلى الباقي من النَّبيينْ   وعَلى آلِ كُلٍّ أجْمَعين
وادەبێ پێیان ئیمان ئاوردن   باوەڕبکەی حەق هەڵی بژاردن
هەموویان بەمەحز فەزڵ و نوبووەت   بێ سەبەبی کەسب تاعەت ڕیازەت[5]

١-ذو الأشتهارة : مەشهوورە
٢-شومارە: ژمارە
٣-ئەویچ : ئەویش
٤-ابوالبشر : ئادەم
٥-واتە ئەمانە بەمەحزی لوتفی خوا کراون بەپێغەمبەر نەک لەڕێی هەوڵدان و ڕیازەتکێشانەوە.

عددیان و ما ذو الاشتباره ... کە صد و بیست چوار هزاره

بروایتی تر و اعدیاره ... کە زیاترن لەم شماره

فالاولیٰ ترکٌ لکلّ احد ... لا ننصّ علی شیءٍ من عدد

رسل سه صد سیزده مشهورن ... اوپچ عددیان هەر لەو دستوره

عدد جمع اولو العزمیان ... ار ابو البشر نبی دکلبان

مشهورین پنج کس نوح ابراهیم ... حضرت موسی موصوف بکلیم

عیسی بن مریم بیدا بلا اب ... کلمة الله روح الله لقب

پنجم محمد سید العالم ... صلی علیه ربی وسلم

وعلی الباقی من النبیین ... وعلی آل کلٍّ اجمعین

واده بی بیان ایمان آوردن ... باوەر بکی حق هلبژاردن

همویان به محض فضل نبوت ... بی سبب کسب طاعت ریاضت

بۆ نوبووەتو وەحیی شەرائیع
بۆ دەفعی ئیشکال حەللی وەقائیع
بۆ ڕەهنومایی و ئیرشادی عیباد
بۆ ئیتمامی ئەمر مەعاش و مەعاد
((مبلغين عنِ اللهِ الحَقّ))
کول موخبیر سادیق ناسیحی موتلەق
بەهەر تەرزێ حەق ئەمری پێ فەرموون
بەو تەرزە ئەژێر باری تەبلیغ چوون
دەگەڵ ئەو هەموو دوشمنی زۆرە
ئەو تەعنەو لۆمەو ئەوشەڕو شۆرە
گەیاندیان بەسەعی بێ حەددو غایەت
پەیغامی خوا ئایەت بەئایەت
بەیانیان فەرموو بەیانی موبین
[اصلاً و فَرعاً] گشت ئەحکامی دین
[طابت الدنیا بدعوتهم
جزاهم الله عن امتهم]
لەئەسڵی سوبوت نوبووەتیاندا
تەفاوت نییە لەبەینییاندا[1]
هەرکەسێ تەکزیب بکا یەکێکیان
ئیمانی نییە بەهیچ کامێکیان[2]
حەق هەموو بۆ سیدق دەعوای نوبووەت
دابەموعجیزات باهیرە قووەت[3]

١-ئاماژەیە بەئایەتی " لانفرق بين احدٍ من رسلهِ".

٢-واتە ئەگەر یەکێك ئیمانی بەیەکێکیان نەبێت ، ئەوە وەك ئەوە وایە کەباوەڕی بەهیچ کامێکیان نەبێت.

٣-واتە : خوا بۆ ئیسپاتی ڕاستیی قسەیان پشتی گرتوون بەهۆی دەرخستنی موعجیزەی گەورەوە.

بۆ نبوّت وحی شرایع — بۆ دفع اشکال حلّ وقایع

بۆ رەهنمایی ارشاد عباد — بۆ اتمام امر معاش و معاد

مبلّغین عن الله بحق — کلّ مخبر صادق ناصح مطلق

هەر طرزی حق امری پێ فەرموون — بۆ ذرّە ازێ بار تبلیغ چوون

دەگەڵ او هەمو دشمنی زۆر زۆرە — او طعنە لومە او شر شۆرە

گیاندیان لە بعضی بحجة غایت — پێغام خدا آیت بآیت

پیانیان فەرمویان بپێن — اصلاو فروعات احکام دین

طاعت الله نیا بدعو ربهم — جزاهم الله عن امتهم

لە اصل نبوت نبیان دا — تفاوت نیە لە بینیان دا

هەرکس تکذیب یکیکیان — ایمانی نیە بهیچ کامیکیان

حق هموی بو صدق دعوای نبوت — دا معجزات بابرە قوت

موخالیف پێیان گشت لەناو دەرچوو   تابی عاریزەی ئەوانیان نەبوو[1]

ڕاسە ویلایەت وەلی بەکەسبە   کەسبی موحتەمەل بۆ عەزل و نەسبە[2]

بەڵێ نوبووەت بەمەحزی فەزڵە   مەنسەبی نەبی بەری لەعەزڵە

دائیم موراقیب پەروەردگارن   لەعەینی خەودا گشت دڵ بێدارن[3]

[ظاهرا] نەوعە مەماتێکیان هەس   لەگۆڕدا نەوعە حەیاتێکیان هەس[4]

خاك ناڕزێنێ جیسمی پاکیان   هیچ زەرەر نادا لەئیدراکیان[5]

لەحەدیسدا هەس کەنوێژ دەکەن   تەشریفیان وەحەج (بیت الله) دەبەن

هیچ کەس لەمەلەك لەجن لەئینسان   نەگەیوەو ناگات ئەو ڕوتبەی ئەوان

بەڵێ شەرەف هەس لەناو خۆیاندا   بۆ بەعزێ بەسەر بەعزێکیاندا

"حسب ازدیاد" ئاداب و حەسەب   بەئیستیفای ئەسڵ تایەفەو نەسەب

بەئیعتیباری عوموومی دەعوەت   غەڵەبەی عیلم و حیلم و مەعریفەت

١-لەدەست نووسەکەدا نووسراوە: گشت لەکار دەرچوو. واتە موخالیفی ئەو پێغەمبەرانە کەئەو موعجیزانەیان بینی جەو جووڵیان نەماو هێزی بەربەرەکانییان نەما.

٢-لەدەست نووسەکەدا نوسراوە: (موحتەمیل) واتە جیاوازی وەلی لەگەڵ پێغەمبەر لەوەدایە کەوەلی ئیحتیمالی عەزلی هەیە ، بەڵام ئەو وانییە.

٣-پێغەمبەران لەکاتی نووستنیشدا دڵیان خەبەردارە.

٤-واتە دەمرن ، بەڵام لەناو گۆڕدا جۆرە ژیانێکیان هەیە.

٥-ئاماژەیە بەحەدیسی : ((ان الله حرم على الأرض ان تأكل اجساد الأنبياء)).
ئیدراك : هەست و هۆش.

مخالف پیایان گشت لە ناو درچو نە بە عارضە او ایشان نەبو

بز معارضە

ذاتە و الوهیت وە لی نکسبە گشتی محتمل بو عزل نصبە

بی نبوت پیغمبر فضلە منتصب بنی بری لە عزلە

دائم مراقب پیرو کارن لە عین خودا گشت دل بیدارن

طی بیرا نوعە مما تیکیان پس لە کوردا نوعە حیا تیکیان پس

خاک زار زمینی جسم پاکیان هیچ ضرر نادا لە ادراکیان

لە حد بیشا اهل کس تو نزدیکن تشریفیان وحج نبت الله دین

هیچکس لە ملک لە جن لەوان نیکە نالات مرتبەی اوان

بی شرف هەن لە ناو خو یا ندا بو بعضی بسر بعضیکیان دا

حتا ارزیان آداب حتّ بە اصطفای اصل طایفە نسب

بە اعتبار عموم دعوت غلبە حلم علم و معرفت

لەئیستمراری موعجیزاتدا
لەزۆری ئەحکام فرووعاتدا

لەحەیسییەتی کەسرەتی ئوممەت
بەمەتانەتو توولی شەریعەت

بەخەسائیسو کەراماتی چەند
مومتاز بێو ذیکرو شوهرەتی بوڵەند

"فَلِذا" حەزرەت سەییدی سەروەر
فەزڵی هەس وەسەر هەموو دا یەکسەر[1]

(أولو العزم) یان لەغەیرو موڕسەل
لەغەیرە مورسەل بزان بەئەفزەل[2]

ئەووەڵ لەئەووەڵ ئەنبیا ئادەم
لەنوبووەتی قەڵەم دەدا دەم[3]

بۆ ئادەم هەیە نوبووەت ئیسپات
[بالكتاب اذ تدل الآيات]

على اَنَّهُ قَدْ أُمِرْ نُهِيَ
وَلا نَبِيٍّ فِي زَمانِهِ

بەس بۆغەیری وەحیی هیچ مەبەساعی
[كذا بالسنة وبالأجماع]

ئینکاری مەکە وەك بەڕاهیمە
کوفرو زەلالی یەکجار قایمە[4]

دووەم لەخاتەم ئەنبیاو ڕوسول
[خير المرشدين لخير السبل][5]

١-(فلذا) واتە لەبەرئەو هۆیانەی کەلەسەرەوە باسکران دەرئەکەوێت (محمد - د.خ) لەهەموان گەورەترە و پایەوپلەی بەرزترە.

٢-واتە ئەوانەی لەوەوپێش ناومان هێنان کە (اولو العزم) ن لەوانی ترگەورەترن، هەروەها ڕەسوول لەنەبی گەورەترە.

٣-ئەووەڵ: واتە بەرلەهەموو شتێك. لەئەووەل : یەکەم.

٤-واتە ئینکاری پێغەمبەرایەتی مەکە وەك "بورەهمەنەکان" کەدەڵێن ئادەم پێغەمبەر نییە ئەو قسەیە کوفرو گومڕاهییە.

٥-دووەم : واتە دووەم جار قەڵەم دەم لەباسی ئاخری پێغەمبەران دەدات ، کەئەویش حەزرەتی (محمد) ە د.خ.

لە استمرارِ معجزاتدا		لە زۆریی احکام فروعاتدا

لە حیثیتِ کثرتِ امّت		بمتانتِ طولِ شریعت

بە خصائص کراماتِ حبیبە		متانتی و ذکر و شهرتی بلند

فلهذا حضرتِ سیدِ سرور		فضلی هس و سر همو دا نبیە

اولو العزمیان لە غیرِ رسل		لە غیرِ رسل یان بافضل

اوّل لە اوّلِ انبیا آدم		لە نبوتی قلم دەدا دەم

بۆ آدم هیە نبوتِ اثبات		بالکتاب اذ تدل الآیات

علی ان نقلت اجری نفسی		والا نبی حقی زما نید

پس بۆ غیرِ وحی هیچ مبرهن خی		کذا بالکتب و بالاجماع خ

انکاری مکە وکو برا هیمە		کفر مثلا لیکجا زرقیمە

دووەم لە خاتمِ انبیا و رسل		خیرُ المرشدین لخیرِ السبل

آخیر نعام...

ئایینەی وەسفەین جەلال و جەمال "بالغ بأقصی آیات الکمال"[١]
بۆ دەریای وەحدەت هیمەت ناری فولك زیبی سەرای غەیب مەلەکووتی مولك[٢]
لەهەرجێ بۆی هەس ئیسمی موجەددەد [حکمه] ئەحمەد مەحموود موحەممەد[٣]
"قمرٌ لَهُ المنازل قُدِّرْ بَلْ شَمْسٌ تَجْرِي الی مُسْتَقَر"[٤]
مەککە مەشریق و مەدینە مەغریب باوك ((عبدالله عبدالمطلب))[٥]
دایك ئامینە کەنیشکی وەهەب لە (کلاب) دا [ملاقی النسب][٦]
نەسەبی هەرتا عەدنان مەشهوورە تەعدادی لەگرە غەیرە زەروورە
زەروور ئەمەتە دەم لەمەبدەین ئیزهاری پاکی نەسەبی بکەین[٧]
بینا لەتەحریر نیحریری "ڕازی" خوداو پێغەمبەر لێی بیەن ڕازی[٨]
((وقد وافق ذلك الأمام جماعةٌ مِنْ کِرامِ أعلام))
ئاباو ئوممەهات سەییدی عالەم هەرلە والیدەین هەرتا بەئادەم

١-ئایینەی: واتە ئەم زاتە بۆتە ئاوێنەو سیفەتی جەلال و جەمالی تیا دەبینرێت، یەکەمیان بەرامبەر بەکافران و دووەمیان بۆ موسوڵمانان.

٢-فولك: کەشتی. زینەت: جوانی. واتە: پێغەمبەر (د.خ) لەدەریای وەحدەت دا سووتەمەنی کەشتییەکەیە و زینەتی بارەگای موڵکی غەیبە.

٣-واتە لەهەر شوێنێ ناوێکی تایبەتی هەیە..

٤-ئیقتیباسە لەئایەتی "والقمر قدرناه منازل... والشمس تجری لمستقرلها"

٥-واتە لەمەککە هەڵهات و لەمەدینە ئاوابوو.

٦-واتە لەکیلاب دا هەردووکیان یەك دەگرنەوە.

٧-نەسەبی بکەین لەچاپەکەدا نووسراوە (سیلسیلەی).

٨-تەحریر: نووسینی. نحریر: زانا. ڕازی: خاوەنی تەفسیری کەبیرە.

آینە و صفتین جلال جمال — بالغی بأقصی غایات الکمال

بۆ دریای وحدت بێمنت یاری ئەکی — تیغی سرای غیب ملکوتی ملک

لەهەرچی بوی هەس نسبی مجدّد — یکیمە احمد محمود محمّد

قمر لە المنازل قمر — بل شمس تجری الی مستقر

مکە مشرق مدینە مغرب — باوکی عبدالله عبدالمطلب

دایکی آمینە کنشکی وهب — لەکلا بدال ملاقی النسب

نسبی هەر تا عدنان مشهورە — تعدادی لکرە غیری ضرورە

ضرور ئەستە دەم لەمە بدەیت — اظهاری باکی نسبی بکیت

بنا لە تحریر سخر رازی — خدا و پیغمبر لێی بێت راضی

وقد وافق ذلک الامام — جماعتی کرام اعلام

آبا و امهات سید عالم — هەر لە والدین هەرتا آدم

((بِأدِلَةِ كالقصرِ المشيد)) بێ شیرك و ضەلال كول [على التوحید][1]

خوسوس والیدەین ماجیدەینی ئەو ئەسڵەینی نەجیب ناجی بەینی ئەو

عەقیدەت بویٚ "على التحقیق"ە ئەهلی نەجاتن بەم سێ تەریقە[2]

ئەووەڵ نەگەیشت ئەلایان دەعوەت لەبەر بوونیان لەوەختی فیترەت

دەگەڵ ئەمیچە جووان بوون مردن ئیمكانیان نەبوو بۆ سەفەركردن

حوكمی كەسێكیچ پێی نەگەت دەعوەت نەجاتەو داخیڵ بوونە بەجەننەت

دووەم بوون لەسەر دینی ئیبراهیم بوون لەسەر تەوحید بێ تەردید موقیم

ثالث ئیحیای حەق مەرحەمەتی كرد زیندەگ بوونەوە ئیمانیان ئاوورد

بەڕوتبەی بوڵەند تابوون موتحەف بۆ زیادەی فەزل كەمال و شەرەف

بویٚ بۆئەوان فەرق و تەفاوت دەگەڵ سائیرین لەئەهلی فیترەت

[والحاصل] ئەوبەدر زوڵمەت زەدای لەیل ئەو میهری ئەییام لەضیای ئەو كەیل[3]

١-واتە: بەبەڵگەی زۆر بەهێز ئەوانە شیرك و گومڕایییان نەدیوە و كافرنەبوون.

٢-واتە: سێ بەڵگە هەن كەدەری دەخەن ئەوانە كافرنین:

أ/ دەعوەتی ئیسلامیان پێ نەگەیشتووە، چونكە لەفیترەت واتە كاتی پێش پێغەمبەر وەفاتیان كردووە.

ب/ لەسەر ئایینی حەزرەتی ئیبراهیم بوون.

ج/ لەسەر دوعای پێغەمبەر زیندوو بوونەوە و ئیمانیان هێناوە.

٣-بەكورتی ئەو مانگی بەشەوقە كەتاریكاییلابرد ئەو خۆرەی كەهەموو جیهان پڕبووە لەڕووناكی ئەو.

بادلیە کالقصر المشید — بێ شرک ضلال کل علی التوحید

خصوص والدین ما جدین او — اصلین نجب ناجبین او

عقیدە بوی علی التحقیقه — اهل نجاتن بم سه طریقه

اول نکیشن الایان دعوت — لەبر بوینیان لە وقت فترت

وکل امیجه جوان بون مردن — اسکانیان نبو بو سفر کردن

حکمی کسیکیچ نی نکت دعوت — نجاته داخل بو نه جنت

دوەم بون لەسر دین ابراهیم — بون لەسر توحید بە دینی مستقیم

ثالث احیای حق مرحمتی کرد — زیندەکرد بونەوە ایمانیان آورد

مرتبە بلندە تا بون مشرف — بو زیادە فضل کمال اشرف

بوی بو اوان فرق تفاوت — دگل سایرین لە اهل فترت

وستحاصل او بدر ظلمت یدای لیل — او فجر ایام لە ضیای اوکیل

وەبورجی ئەصلاب تەییباتەدا وەدارەی ئەرحام تاهیراتەدا[١]
تلووعی سەرداو غورووبی ئاورد حەرەکەو سەیرو دەوری تەواو کرد[٢]
تابەشنۆی بۆی نەسیمی ئەزەل لەوەختی ڕەبیع (ربيع الأول)[٣]
بەسەد نەزاکەت لەتۆی پەردەوە خونچەی وجودی خەندەی کەردەوە[٤]
شێوەو شیمە پاك ڕەسمو ڕەویە چاك ئاوێنەی بێگەرد ئایین شەرەفناك
باتین لەزاهیر چاکە عەجیبتر خەڵوەت لەجەلوەت ئەدەب غەریبتر[٥]
کردار حەمیدە پەسەندیدە حاڵ عومری شەریفی گەیشتە چل ساڵ
خوم حەوسەڵەکرد ئەربەعین بگەرد مەی ساف بوو بێ دورد ئەهلی مەشرەب گەرد[٦]
جام نیشتە سەردەس ساقی هەڵساوپێ هەموو ئەجزای گوێ سەدای دەی کەی تێ
ڕەشحەی نەوای ساز حیجازی ئاورد ئیبراهیمی نار ئاهەنگی سەرد کرد
ڕاس نەورۆزی بوو موخالیف حەزین [بعث الى الخلق اجمعين]

١-بورج: قەڵات. ئەصلاب: پشت. دارە: ئەو شوێنەی کەبەدائیرە دەورە درابێ. تاهیرات: پاك.

٢-مەولەوی لەم شیعرەدا چەند زاراوەیەکی زانستی ئاسمان شوناسی کۆنی بەکارهێناوە، وەك : طلوع - غروب - حركة - سير - دور.

٣-شنۆ: شنەبا. بۆ: بۆن. نەسیم: بای نەرم. ڕەبیع: بەهار.

٤-خەندە : پێکەنین.

٥-جەلوەت: ئاشکراو دیار.

٦-خوم: کووپەی شەراب. حەوسەڵە: سەبرو خۆگرتن. ئەربەعین: چلە. بگەرد: ڕابورد تێپەڕی. بێ دورد: بێ خڵتەو ساف. ئەهلی مەشرەب: ئەهلی زەوق. گرد: کۆبوونەوە. واتە: کووپەی شەراب کۆن بوو تا چلەی تەواو بوو، ئەهلی زەوق کۆ بوونەوە چاوەڕوان جام بەدەستەوە. مەیگێڕ ئامادەبوو تەنها یەك تکە عارەق لەکاتی ئەو ئاوازەی کەلەسازی حیجازییەوە هات ئەو ئاگرەی سارد کردەوە کەوەك ئاگرەکەی ئیبراهیم بوو مرۆ چاکەکان کەوتنە جەژنەوەو خراپەکانیش خەمبار، ئیتر (محمد) کرا بەپێغەمبەری هەموو عالەم.

وبرج اصلاب لیتبا تدا   ودائره ارحام طایر ابتدا

طلوعی سروا و غروبی آورد   حرکه سیر دوری تو اوکرد

تا بشنوی بوی نسیم ازل   فروخت ربیع ربیع الاول

لبخندزا اکت له توی پردق   غنچه وجودی خندن کرده وق

شیوه شیمه پاک زنسم روئیه جاکز   آیینه بی گرد آیات شرفناک

باطن تیره ظاهر جاگه عجیب تر   خلوت له جلوت ادب تعزیب تر

گرد از حمیس پشندیه جال   خمر شریفی کیشته جلال

ختم ختصله کرد از لعبت بکرد   مصفاف لو بی درد اهل شرب کرد

جام نیشته سر دست ساقی هات و بی   همواجزای کوی صدای دی گی تی

رشحه نوای ساز حجازی آورد   ابراهیمی ناز آهنگ سر دکرد

زاش نفر زی بو مخالف خزین   نعبث الی الخلق اجمعین

ئیددیعای مەنسەب نوبووەتی کرد — بۆ سیدقی شاهید موعجیزەی ئاورد
ئیسپاتی هەردوو بەتەواتورە — مونکیری یەقین "ضال و کافر" ە[1]
ئەو چیهرەی سیمای مونەووەرەی ئەو — ئەو خولق و سیرەت موتەههەرەی ئەو
ئیزهارو بەیان ئەو حەقائیقە — ئەو مەعاریفەو ئەو دەقائیقە
ئەو سەخاوەتە ئەو فوتووەتە — ئەو شەجاعەتە ئەو موروووەتە
ئەو سەباتەو ئەو ئیستیقامەتە — ئەو بەقای ئاسار تاقییامەتە
ئەو زوهدو وەرعە نەوعە عیبادە — ئەو تەکمیلی نەفس دەرهەق عیبادە
ئەو تەسلیکەو ئەو تەرزە ئیرشادە — ئەو ئال و ئەسحاب ئەو ئیستیر شادە
بەبێ موعجیزەو دەردە سەری ئەو — بەس بوو بۆ ئیسپات پێغەمبەری ئەو[2]
لەمە عەجیب تر موعجیزە مەشنەو — ئۆمی و عەللامە هەتیو بەئەدەو[3]
نەما ئیحتییاج ئەهلی زەمانە — حەق نەبیی تر بکا ڕەوانە

١-تەواتور: هەواڵێکە کەگومان لەڕاستیدا نەبێت. هەردوو: مەبەستی ئیدیعای پێغەمبەرایەتی و نیشاندانی موعجیزەیە.

٢-واتە ئەو سیفاتە بەرزانەی کەباسمان کردن هەرئەوانە بەس بوون بۆ ئیسپات کردنی دەعواکەی ئیتر پێویستی بەموعجیزە نەبوو.

٣-هەرئەمەش موعجیزەیە کەیەکێك نەخوێندەوار بێ کەچی هەموو شتێك بزانێ. بێ باوك کەچی زۆر بەئەدەب بێت.

ادعای منصب نبوتی کرد   بو صدقی شاهد معجزه آورد

اثبات جزم نبوت ا کرد   منکری بقای ضال کافره

او حسب سمای منوره او   او خلق سیرت مطهره او

اظهار و بیان او حقایقه   او معارفه او دقایقه

او سخاوته او فتوته   او شجاعته او مروته

او ثباته او استقامته   او لقای آثار تا قیامته

عبارت مخلوق

او زهد و ورعه و نوعه عباده   او تکمیل نفس در حق عباده

او تسلیکه او طرز ارشاده   او آل اصحاب او بشرناده

به جز معجزه دەدی بشر او   کس بو بو اثبات پیغمبر او

لمه عجیبتر معجزه نشو   او حی علامه هیچ به اد و

نما احتیاج اهل زمانه   حق نبی تر بکا روانه

مەعلووم بوو لەلای هەرکەسێ بیناس
"محمد" بێ شك "ختم الأنبيا" س
لەئەمری عیسا هیچ پەشێو نەبی
بەرلە موحەممەد بووگە بەنەبی[1]
کەهاتە خواریچ هیچ شوبهەی نییە
هەرتابیعی شەرع موحەممەدی‌یە
شەرعی خۆی مەنسووخ تازەی بۆنایە
خەلیفەی جەناب ڕەسوولولڵایە
هیچ دینێ قوبولْ ناکا لەهیچ کەس
ئیللا ئەم دینی ئیسلامە کەهەس
ئەهلی ئیمان گشت پێی تێژن ئیمان
سەلیب دەشکێنێ لادەبا خووگان
لەو عەسرە خۆشتر کەس نایشنەوێ
دەڵێن ژن تێری‌و وەلەدی دەوێ[2]
وەختێ کەدەمرێ بەئەمری بێ چوون
دەکرێ لەخزمەت حەزرەتدا مەدفوون
بووبەکرو عومەر دەکەونە ئەبەین
[طوبى للشيخين بين النبيين][3]
تێی هەڵدە مەزهەب فەلسەفەی خیداج
ئیمان بێرانە بەقیسسەی میعراج[4]
[ماكانَ مابي يَفي بِحَمْدِهْ
سبحانَ الَّذي اسرى بِعَبْدِهْ][5]

١-واتە ئەگەر یەکێك بپرسێت تۆ چۆن ئەڵێی محمد دوا پێغەمبەرە کەچی بەپێی حەدیس لەئاخر زەماندا عیسا دێتە خوارەوەو فەرمان ڕەوا دەبێت ؟ لەوەڵام دا دەڵێم: ئەو تابیعی شەرعی "محمد"ە.

٢-خووگ: بەراز.

٣-ئەبەین: لەنێوان.

٤-خیداج: شتی ناتەواو. منالْ کەپێش کاتی خۆی لەدایك ببێت. مەبەستی ڕای ئەو فەیلەسووفانەیە کەدەڵێن: جیسم بەهیچ جۆرێك دڕان‌و پێکەوە لکان ڕووی تێ ناکات، کەواتە مەسەلەی میعراج نابێت ڕووبدات.

٥-واتە من توانای ئەوەم نییە کە ستایشی خوا بەتەواوی بکەم تەنها ئەوەندە دەڵێم: پاکی بۆ ئەو خوایەیە کەشەو ڕەوی بەبەندەکەی خۆی کرد.

مەعلومم بو لەلای هەرکەسێ مناش　　محمد ﷺ بێ شک ختم الانبیاش

لە ئەمری عیسێ هیچ نەبشو نبی　　بێ لە محمد ﷺ بوکە بە نبی

کە ئەمانە خوارێ هیچ شبهە نینە　　هەر تابعی شرعی محمد ﷺ یە

شرعی خوی منسوخ تا ئەو نابێ　　خلیفەی جنابی رسول ﷺ تیە

هیچ دینی قبول نابکا لە هیچکس　　الا ئەم دینی اسلامە کە هەس

ئەهلی کتاب گشت پێی تیرن ایمان　　صلیب دشکینی لادبا خوکان

لەو عصرە خوشتر کەس نابینوی　　دلێن زن تیری وکلی دوی

وەختێ کە دمری بە ئەمری بیچون　　دکری لە خدمت حضرتدا مدفون

بوبکر عمر دکونە ئا　　یەت　　طوبى للشخصين بين النبيين

بێ هەلدە مذهب فلسفە خدا (تعالى) ج　　ایمان بیرانە لقصە معراج

ئاکاتە نابێ یعنی بجسمە　　سبحان الذی اسرى بعبدە

زاهیری [اسری بعبده] دەکات — میعراج [بالیقظة] و "بالشخص" ئیسپات[1]

نەك بەخەو یاخێر [بالروح فقط] — ئەوە زەعمێکە بێ مەزەو سەقەت

چلۆن ئەر بەڕووح یامەنام دەبوو — باعیسی ئینکار بۆ عەوام دەبوو[2]

موکەڕەڕ بووگە میعراج و فوتوح — ((مرة بالشخص کرة بالروح))[3]

"لیلا" شەو خەڵوەت بەینی یارانە — جێی ڕازو نیاز دەردە دارانە[4]

نەك ڕۆژ [ظل] بەم لا یابەو لا داوێ — یاژێر پێ لەوەخت ئیستیوا داوێ

وەك مەولید شەوبوو عوروجی یەقین — [صار رحمه علی العالمین][5]

بۆ ژێر زەمین و ئەفلاکی بەرین — سوڵڵەی ئەووەلین سوڵڵەی ئاخیرین

((من المسجد الحرام الأنفس — الی المسجد الأقصی المقدس))[6]

تائەگرە قەتعی و نەسسی کیتابە — ئینکاری کوفرە و دائیم عەزابە

((مِنْهُ لِلسَّما وَ مِنْهُ الی — ماشاءَ اللهُ مِنْ حلِی العُلی))[7]

١–واتە ئایەتەکە کەدەڵێت (اسری بعبده) ئاشکرایە بەگیان و ڕووح نەبووە بەڵکو بەشەخسی خۆی بووە.

٢–لەوەڵامی ئەوانەی کەدەڵێن میعراج بەخەو یان بەگیان بووە دەڵێت: جائەگەر وەها بوایە ئیتر بۆچی خەڵکی دژی دەوەستان..؟

٣–واتە میعراج چەند جارێك بووە. جاری وابووە هەر بەگیان بووە.

٤–مەولەوی لێرەدا شاعیرانەو سۆفی‌یانە باسی شەو ڕەوەکە دەکات کەئەمە لەشەودا بووە، چونکە شەو کاتی ئارامی و هێمنی‌یە، نەك ڕۆژ کەسێبەر بەم لاو بەولادا یان لەژێر پێدایە.

٥–واتە چۆن بەشەو لەدایك بوو میعراجەکەشی هەر بەشەوبوو.

٦–واتە بوو بەبەرەکەت بۆ هەموو کەس، چ ئەوانەی پێشوو ، چ ئەوانەی دوایی.

٧–واتە میعراج تا (بیت المقدس) نابێت ئینکاربکرێت دەنا ئەبێت بەکوفر، بەڵام لەوێوە بۆ ئاسمان و شوێنی تر ئەوە بەحەدیسی (ئاحاد) وتراوە و ئینکاری کوفر نییە.

ظاهیر ئاسرێ ئەبێتی دەکات   مێعراج بالیقظة وبالشخص اثبات

نەک شێخی یا خەیر یا لی ئەوحی فقط   ئەوە زەعمێکە بێ مزە وسقط

چوون ئەر بە رووح یا مەنام دەبوو   باعیثی ئینکار بۆ عەوام دەبوو

مەگەر بۆگە مێعراج نتوح   مرة بالشخص کرة بالروح

لەیلا شوخلوت بێت یارانە   جێی رازو نیاز دەردە دارانە

یەک روو نزیل بەلا یا بەلادا دەری   یا تربێ لەوەخت استوادا وی

وەک مولد شوبوعروجی تقین ت   صاد رحمة علی العالمین

بۆ زیر زەمین ئەفلاکی برین   ثلة اولین ثلة آخرین

من المسجد الحرام الأنفس   الی المسجد الاقصی المقدس

تا ئەرە قطعی نص کیتابە   ئینکاری کفرە دائیم عذابە

مینه للسما ومینه الی   ماشائه الله حلی العلی

سابیت بەخەبەر مەشهوورەو ئاحاد
"ترتیبا" ئینکار بیدعەتەو فەساد

لادە لەڕێگەی بیدعەت و مونکەر
بێرە سەیری سەیر سەییدی سەروەر

بارەی ناسووتی لەمەیدان ئاورد
حەی کردو نەی کرد پەی کردو تەی کرد[1]

لەگەرمی سەمووم نزیکی ئەو ڕەوت
دای لەجیبرەئیل ((لو دنوت)) کەوت[2]

پێی ناسووتی سووت مەلەکووتی مات
[هاتِ الکوٌووس]ی لاهووت ئەلای هات

فەلەك پڕ مەلەك سیدرە غەوغا بوو
[مازاغ البصر وما طغی] بوو[3]

ویسعەتی مەشرەب ناموتەناهی
هیچ لەئاگاهی نەی دەکرد لاهي[4]

ڕێی چەند هەزار ساڵ تەی چەند حیجابات
ذاتی حەق کەلام سوئال جەوابات

چوو بوو دی بیستی کریا دریاوە
هاتەوە حەلقە هەر ئەلەریاوە[5]

هەی تەل هەی تێیگەی پێی گەی هەی نەی خۆی
وەك ماری زامدار هەرپێچ دا لەخۆی[6]

شۆڵەی ئەو بەدرە لەودە ورە ئەو شەو
شەونم لەو هەورە لەو تەورە ئەوشەو[7]

١-بارە: بەهرە. ناسووتی : عەکسی مەلەکووتی‌یە. حەی کرد: ئەمری پێ‌کرد. نەی کرد: بەقسەی نەکرد. پەی کرد: دەست‌و پێی بڕیەوە. واتە پێشان ویستی بەبەهرەی مرۆڤایەتی‌یەوە بڕوات، بەلاَم نەی‌توانی ئیتر وازی لەوە هێناو بەهێزی ڕووحانییەت ڕووی کردە پەروەردگار.

٢-لەگەرمی: واتە گەرمای سۆزندەی نزیکی لەپایەی پەروەردگار دای لەجبرئیل‌و ناچار وتی: "لَو دَنَوتُ قدر انملة لاُحترَقتُ".

٣-پێی: واتە گەیشتە شوێنێك کەئیتر پێی ئینسانی سووتا دەنگی: (هات الکوٌوس) لەمەلەکووتەوە هات.

٤-ویسعەتی: ئاسمانان وا جەنجاڵ ببوون، بەلاَم پێغەمبەر خۆی لێ تێك نەچوو بێ ئاگانەبوو.

٥-لەنێوان ئەم دوبەیتەدا لەف‌و نەشری مورەتتەب هەیە، واتە بەم شێوە: ڕێی چەند هەزار ساڵ - چوو. تەی حیجابات - بوو. ذاتی حەق - دی کەلام - بیستی. سوئال- کرا. جواب - دریاوە.

٦-ڕوونەکاتە تەلی تەلگراف‌و دەڵێ: تۆ چیت بەرامبەر بەم میعراجە تێی ناگەیت. پێی ناگەیت..

٧-شووڵە: شعلە. بدر: مانگی چواردە.

ثابت بخبر شهورە آحاد رتبیا الکار بدعتە فساد

لادە لە ریگەی بدعت منکر مێبی سنی سنی سنتیە سرود

بارە نا سوتی لە بیدان آورد حی کردو نی کرد بی کرد طی کرد

لە کرمی سوم زنکی اورنوت دای لە جبرئیل لەد نوت کوت

پی ناسوتی سوت ملکوتی مات مات الکئوس لاهوت الالی مات

فلک بری ملک سدرە غوغا بو ما زاغ البصر وما طغی بو

وشعت شرب نامتناهی بیچ لە آگاهی شیه کرد لاهی

بی چند هزار ساطر جند حجاب ذات حق کلام سؤال جوابات

جو بودی بستی کربا وربا وە ما تو حلقە هر دل ربا وە

هر تل هی تکی تکی بای بیچوە وک طب رامدار هر بیچدا لە خوی

شو لە او بدرە لو دورە اد شو مئونم لو هورە بو طورە اد شو

دای وەدەشتی دڵ گشت ئەسفییادا وەشت وەکیشتی سیڕ گشت ئەولیادا[1]
موعجیزەی نەبی ئەر موحەققەقە لەلات کەرامات ئەولیایچ حەقە[2]
شوهرەتی زوهور کەرامات چووگە نزیك بەزوهور موعجیزات چووگە[3]
چ عەجەب ئینکار ئەهلی نەفسانی خۆی نەی بوو تۆیچی هەروەك خۆی زانی ؟
لەو شەخسە زوهور کەشفو کەرامات موشتەبیە ناوێ دەگەڵ موعجیزات[4]
وەلی کەی دەعوای نوبووەتی کرد یا ئیستیقلالی کەی بەدل ئاورد[5]
ئەو زوهورە ئەر مولاحەزەکەی موعجیزەس نیسبەت بەڕەسوولی خۆی
ئەو ڕەسوولە چەند بڵند مەرتەبەس لەئوممەتیدا شەخسێکی واهەس
ئاخر یەکێکە لەئوممەتی ئەو تابیعی ئەحکام شەریعەتی ئەو
بۆئەو شەخسیچە فەزلی جەلیە زاهیر دەوێ پێی ئەمە وەلیە
[والحاصل] ئەمری خاریق بۆعادەت بەنیسبەت ئەباڵ ساحیب نوبووەت

١-واتە ئەو شەوقە دای لەدڵی پیاوچاکانو شەونمی کەرەمی خوا باری بەسەر کشتو کاڵی دەروونی سەرجەم ئەولیادا.

٢-ئەر: ئەگەر. ئەولیایچ: ئەولیاش.

٣-واتە چۆن موعجیزات مەشهورن هەروەها کەراماتیش هەروەهان.

٤-واتە هەندێ هەوەس باز ئینکاری کەرامات دەکەن، چونکە خۆیان هیچیان لەباردا نی‌یە، خەڵکیش وەك خۆیان حیساب دەکەن.

٥-وەڵامی ئەو کەسانەیە کەدەڵێن مادام ئەولیا کەراماتیان هەبێت، ئەی جیاوازییان لەگەڵ پێغەمبەران دا چی‌یە؟

دای وەدستە د اکثت اصفیادا — وشت دکیت سترکث اولیادا

معجزەی نبی لەر محققە کە — لەلات کرامات اولیایچ حقە

شهرتی ظهور کرامات خوی کە — زنیکی ظهور معجزات بوگە

چە عجب انکار اهل نفاقی — خوی نیبو تو نجی بروک خوی زانی

لو شخصە ظهور کشف کرامات — نشبە ناوی دکل معجزات

ولی گە دعوای نبوتی کرد — یا استقلالی گە بدل آورد

او ظهورە ار ملاحظە گە — معجز نیست بر رسول خوی

او رسولە چند بلند تر بس — لە اقتدا اشخصیکی واهش

آخر یکیکە لە امتی او — تابع احکام شریعت او

بواو شخصیە فضلی جلیە — لی هر دوی پی امە و لیە

و تحاصل ابر خارق عادت — بە نسبت ابا ل صاحب نبوت

بعد

موعجیزەس ئایا لەخۆی کا زوهوور
یالەئوممەتی یەکێ بەو دەستوور
بەنیسبەت ئەباڵ وەلی کەرامەت
نییە دەگەڵی دەعوای نوبووەت
بەل ویلایەتیچ ئیدیعا ناکا
ئیزهاری خاریق تەمەننا ناکا
بەڵکو وەلی هەس هیچ شوبهەی نییە
خۆیچی ئەزانێ کەخۆی وەلی‌یە
(یعرفونه) نەك بۆ ئەوانە
(لایعرفهم) لیباسی یانە[1]
بۆ [وادی طوی] بێ نەعلەین ئەڕۆن
چی پێکەن کەشفی کەونی کەفشەکۆن[2]
بەشەرعی لەلای ئەهلی دیرایەت
کەرامات نییە شەرتی ویلایەت
شەرتی پاکی‌یە لەگشت ڕەدییە
ئیتتیباعی شەرع موحەممەدی‌یە
بێنێ تەرازووی شەرع وەبێ ئەندێش
سەرناکا بێ فێڵ دەستی ڕاس هەڵکێش[3]
کافییە ڕاس بوو کەففەی میزانی
خۆت مەدە لەسەنگ بەئیمتیحانی[4]
((لِيَبْلُوَكُمْ)) هەر بۆ خوایە
عەبدو ئیمتیحان [اصعَبُ الّدا] یە[5]

١-یعرفونە: ئاماژەیە بەئایەتی ((والذین آتیناهم الکتاب یعرفونه)) واتە ئەم وەلی‌یانە مەبەستیان ئەوە نییە بناسرێن، بەڵکو حەزناکەن کەس بزانێ کەوەلین.

٢-واتە ئەم ئەولیایانە بەپێی پەتی بەرەو شیوی پیرۆز بانگ دەکرێن چی لەکەشف و کەراماتی ڕازی ئەم دنیا کەوشە کۆنە بکەن، ئاماژەیە بەئایەتی: ((اني انا ربك فاخلع نعليك انك بالوادي المقدس طوى)).

٣-واتە ئەی ئەوەی کەڕەخنە لەوەلی دەگرێت : وەرە تەرازووی شەرع بێنەو بێ ترس کرداری وەلی پێ تاقی بکەرەوە دڵنیابە ئەگەر فێڵ نەکەی ئەم تەرازووە هەرگیز سەرناکات، کەواتە دەستت ڕاست هەڵکێشە.

٤-ئیتر خۆت مەدە لەبەردی سەختی تاقیکردنەوە، چونکە بەرد ناشکێت.

٥-لیبلوکم: ئاماژەیە بەئایەتی ((لیبلوکم ایکم احسن عملا)) واتە تاقیکردنەوە ئیشی تۆنییە ئیشی خوایە.

مُعجزەش آیانە خوەی کا ظهور   یالە اُمّتی یکی بو دستور

بەینەت آبال وەلی کرامت   نیە دگا دعوای نبوّت

بل ولایتیچ ادّعا نا کا   اظهار خارق تمنّا نا کا

بلکو ولی هەرس هیچ شبهە نیە   خوەیچی نازانی کە خوەی ولیە

تعریفو ندنک بو اوانە   لایعرفهم لباسیانە

بو وادی طوی بی نعلین دردن   چی لی کن کشف کو بی گفتە کون

تشرعی لە لای اهل درایت   کرامات نیە شرطی ولایت

شرطی یا کیە لە کشت زدیتر   اتباع شرع محمد یە (صلی الله علیه وآله وسلم)

مینی ترا نەی شرع دبی اندیش   سرنا کا بی فیل دستی رانش هلکیش

